# ئەبی بەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت- غوڵامێکی هەبوو؛ بەشێک لە دەستکەوتی ڕۆژانەی پێیدەدا، وئەبو بەکر لەو خواردنەی دەخوارد کە بە بەشەکەی دەیهێنا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەبی بەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت- غوڵامێکی* هەبوو؛ بەشێک لە دەستکەوتی ڕۆژانەی پێیدەدا، وئەبو بەکر لەو خواردنەی دەخوارد کە (غوڵامەکەی) بە بەشەکەی (خۆی) دەیهێنا، (غوڵامەکە) ڕۆژێکیان شتێکی هێنا، وئەبو بەکر لێی خوارد، وغوڵامەکە پێی ووت: ئایا دەزانی ئەمە چییە؟ ئەبو بەکر ووتی: چییە؟ (غوڵامەکە) ووتی: فاڵم گرتەوە بۆ مرۆڤێک لە جاهیلیەتدا (لە پێش ئیسلامدا) ولە فاڵگرتنەوەدا باش نەبووم، بەڵام من فێڵم لێی کرد، پێم گەیشت، وبەرامبەر کارەکەم نرخێکی پێدام، ئەوەی خواردت لە نرخی ئەوە بوو (لە نرخی فاڵگرتنەوە بوو)، (عائیشە دەڵێت): ئەبو بەکر دەستی خستە (نێو دەمی (وهەموو شتێکی نێو سکی دەرهێنا بە ڕشاندنەوە. (غوڵام: لێرەدا واتە کوڕە منداڵێکی خزمەتکار
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

ئەم غوڵامە* لە لای ئەبوبەکر بوو؛ ئەویش بەشێک لە دەستکەوتی ڕۆژانەی پێیدەدا، وئەبو بەکر لەو خواردنەی دەخوارد کە غوڵامەکە بە بەشەکەی خۆی دەیهێنا، ڕۆژێکیان غوڵامەکە خواردنێکی هێنا بۆ ئەبوبەکر وئەویش خواردی، بە ئەبوبەکری ووت: ئایا دەزانی ئەمە چییە؟ ئەبو بەکر ووتی: چییە؟ غوڵامەکە ووتی: ئەمە لە جێی ئەو فاڵە پێمدراوە کە لە جاهیلیەتدا (لە پێش ئیسلامدا) بۆ کەسێک کردبووم ولە فاڵگرتنەوەدا باش نەبووم، بەڵام من فێڵم لێی کرد، پێم گەیشت وئەم خواردنەی پێمدا، پێدانی نرخ وشتومەک بۆ فاڵگرتنەوە حەرامە، ئەگەر فاڵگرەوەکە باش بێت لە فاڵگرتنەوەدا یان نا چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە نرخ وکرێدان بە فاڵگرەوەکان ئینجا هەر ناوێکیان هەبێت، وهەروەها پێدانی شتومەکیش دەگرێتەوە لە جیاتی نرخ. کاتێک ئەمەی ووت بە ئەبوبەکر، عائیشە دەڵێت: ئەبو بەکر دەستی خستە نێو دەمی وهەموو شتێکی نێو سکی دەرهێنا بە ڕشاندنەوە، بۆئەوەی سکی خواردنی حەرام نەخوات، وئەم خواردنەوەیەش حەرامە چونکە بەرامبەر کارێکی حەرام بە کەسەکە دراوە، بۆیە هەر کرێیەک (بەرامبەر کارێکی حەرام حەرامە. (غوڵام: لێرەدا واتە کوڕە منداڵێکی خزمەتکار

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6187

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee